# ئەوین و تۆڵە

ڕێبوار حسێنی

هێشتا گزینگی ئاڵتوونی خۆری بەیان دەستی لەگەردنی بەرز و سپی چیای پشتی کانی مرادان وەر نەهێنابوو. بەو بەیان و سەحەرە شنەبای بەیانی بەهار زولفی پەل و پۆی دارستانی شانە دەکرد و نەغمەی مەلە خۆش ئاوازی سپێدە، دڵی لەکوڵی هەموو دڵدارێکی دەلاواندەوە و کەف و کوڵی هەناوی پڕ لەسۆز و کەسەر و کوڵی، دڵسووتاوانی بەگڕی عەشق و ئەوین و خۆشەویستی ڕاستەقینە، دەنیشاندەوە و وەك هەناسەی، عیسا لێوی لەگۆچووی وەبزە دێنایەوە. بەڵێ وابوو! بای سەبای عەتری بەهاری فوی لەپۆلووی هەستی هەستیاران دەکرد و ژیلەمۆی خەوتووی هەستی خەمۆشی دەگەشاندەوە. بەو سپێدەیە ساقی ئەمەل لەکۆپەی ئارەزوی ئارەزومەندانەوە بۆ کۆری عاشقان، جورعە جورعە مەی دەگێڕا و بلبلی سەوداسەری شەیدای ماچی تەڕی رووی هۆڵان، ئاهەنگی دڵنەوازی خۆشتر لەدەنگی بەربەت و عوود و سازی، بەرز بەرز هەڵدەدا و گەڕی ڕەشبەڵەکی عاشقانی دڵ بەگڕی خەم چزاوی ژێر باری مەلامەت، لەسەر شینکەی سەر بە ئاوەنگی تەڕ و پاراو دەگەڕا. لەو بەیان و بەهار و چیمەنەدا، بە نەغمەی قومری غونچەی گوڵی ئاواتی دڵان دەکرانەوە. جار جارێکیش چەند پەڵە هەوری خەفەتباری چاو تەڕ و فرمێسکاوی بە تەشقی ئاسمانەوە بە گرمە و ناڵە، شینیان بۆ دواکۆچی زستان و وەرزی سارد و دڵتەنگی دەگێڕا و گۆرەپانی ئەو شایی و چۆپی کێشانەیان ئاورشێن دەکرد و لەرێژنەی بارانی فرمێسکیان لافاوی شادی هەڵدەستا و بەرەو بەحری خەیاڵ دەکەوتە ڕێ. هەر ئاشقانی ئەهلی سەفا بوون بەو سەحەرە لەخورێنی، جامی مەی دوو لێوی گراوی خۆیان بە دزی خەم لەپەناوە بە سەرەوە دەنا و دەیانوت: ساقی بە فیداتم! بدە لەو جامی مەیەی کە بێ دڵانی هەست خەوتوو تا ئێستا لێویان لێی نەداوە و سەریان پێی نەخولاوەتەوە!! هاواریان دەکرد کە: ئەی کۆری حەریفانی تەریقەتی ئەوین و سەربەستی وەکۆ بن و بزانن کە ئەوەی بۆ پلە و پایە دڵ دەشکێنێ، بێ فکرە و بۆ بێ هەستان گێتی تەنگە و دەرك و گۆشەی مەیخانەی ئەوینی حەقیقەت، بۆ ئەهلی سەفا و یەك بوون و هاودەنگی هەرا و ئاوالایە!!!. بەڵێ! بەو بەیانە عاشقان وەك شنەی شەماڵ بۆ دڵی یەك دەشنان و لەخۆشی یەك لەهۆشی خۆ دەچوون. مەلی وەفاش بە سۆز و سەفا و ئاوازێکی ئەفسوناویەوە، نەغمەی دڵرفێنی خۆی تێکەڵ بە ڕەقسی سەر و عەر عەر و گوێز و چنار دەکرد و بای بەیان بۆنی گوڵانی بۆ دڵان دەبرد و پەپوولەی حەز و ئارەزوش، گوڵاوگوڵ خنجیلانە و ئێسك سووك، دەفڕی و دەمی دەنایە ناودەمی غونچەی زنوێر و گەشاوەی پڕ لەئاوی خۆشەویستی و تا تێر دەبوو لێوی گوڵی بەیانی دەمژی و شنەی بای وادەش بە بزەی لێوی چرۆی دارمازوی وڵاتی کوردان، لەلێرەواری پشتی گوندی،، بناران،، شاگەشکە دەبوو. بەراستی ئەوەی جوانی و وەفا و سەفا و یەك ڕەنگی و یەك دەنگی بوو، لەم کۆر و ئاهەنگە هەست بزوێنە عاشقانەدا خۆی دەنواند. لەم کۆرە دا دوو دڵداری ڕاستەقینە، دوو فریشتەی خۆشەویستی، دوو هەورازی باغی ئەوین، دوو سوورە گوڵی ناوپەرژین، دوو تازە لاوی خوێن شیرین "ڕێواس و ڕێناس" هاوکۆر بوون" ڕێواس کیژێکی ئەسمەری گەنم ڕەنگی باڵا کوڵ بوو. ڕێناس کورێکی باڵا ناوەندی ڕەش ئەسمەر. هەر دووکیان خەڵکی گوندی "بناران" بوون. هەر لەمنداڵیەوە هۆگری یەکتری بوون. بۆ ساتێکیش بە بێ یەکتر نەیان دەکرا. تەنانەت شەوانەش هەتا لە ڕێ و بانی کانی یەکتریان نەدیبا، خەو ڕێگای ماڵی دووچاوی گەشی پڕ لەئەندیشەی خۆشەویستیانی نەدەزانی. چیرۆکی ئەوینی ئەو دوو دڵدارە جیا لەماڵە و ماڵی گوندی "بناران" لەهەموو گوندەکانی ئەو مەڵبەندە دا دەنگی دایەوە. ماموستا هێمن گوتەنی: نەما خانی هەتا چیرۆکی عەشقی ئێمە دارێژێ، دەنا ئێستاش لەکوردستان دەژین زین و مەمێکی تر!

بەراستی داستانی چیرۆکی ئەو دووانەش لەباس و بەسەرهاتی کەونە دڵدارانی پێشوو کەمتر نەبوو!!! ڕێناس هەر بە تەنیا عاشق و ئەویندار ی چاوەکانی ڕێواس نەبوو. بەڵکو لاوێکی دڵسۆز و کورە کوردێکی خاوەن باوەڕشی بەرزی ڕزگاری نەتەوەیی بوو. هاوکار و یاریدەدەری پێشمەرگەی کوردستان بوو. لاوێك بوو کە خوێنی پاکی کوردی، بۆ کوردایەتی و ئازادیخوازی لەدەمارەکانی دا دەگەڕا و لەزۆر کار و بار دا هاوکار و هاوفکری کادر و پێشمەرگەکانی سازمانی خەبات بوو. کەم لوتکە و پێ دەشت و توولەرێ هەن کە لەشەوی ئەنگوستەچاو و شڵێوەدا، ڕێناس وەك چاوساغ و ڕێ پێشاندەر پێیاندا وەپێش شێرە کورەکانی سازمانی خەبات نەکەوتبێ. کەم حەماسە و فیداکاری خەباتیەکان هەیە کە بەشە شانازی ڕێناسی پێوە نەبێ. کیژە کوردە گوندیە دڵپاك و دڵسۆزە ئەویندارەکەی گراوی دڵبڕاوی ڕێناس تازە سەر لەنواڵی ژیان دەهاتوو ، خاتوو "ڕێواس" یش لەکوردایەتی و دڵسۆزی بۆ شۆڕش و باوەڕی بە مافی نەتەوایەتی، دەستێکی کەمی لەدڵدارەکەی نەبوو و ئەویش لەمەکتەبی شۆڕشگێری و فیداکاری دا لەسەر تەختەڕەشەی بێ بەشی کوردی نیشتمان و ئازادی لێ زەوتکراو دا، پیت و ووشەی خەبات بۆ ڕزگاری خوێند بوو و وانەی ڕاستی و وەفاداری وەرگرتبوو، هەر وەك چۆن ڕێناس لەهەر هەل و مەرج و کات و ساتێك دا یاریدەدەر و ڕێنوێن و لەمپەرشکێنی سەر ڕێگای هاوڕێیانی پێشمەرگەی بوو. ڕێواسیش لەگەیاندنی ڕاگەیەندراو و هەواڵەکانی سازمانی بە ئەندام و لایەنگرانی ناو شار لەڕێگای شانەیکی تەشکیلاتیەوە، سەرەڕای ڕاپەراندنی کار و فەرمانی ژیانی ئاسایی ماڵەوەیان، بە بێ دوو دڵی و ترس هەڵدەسوورا و ببوە پردێکی کڵ قایمی نێوان سازمان و شانە نهێنیەکانی ناوشار!! زۆر حەماسەی پڕ لە شانازی ڕۆڵەکانی سازمانی خەبات،( نموونەی بەرچاویان گرتنی دوو پایەگای شوێ و شەڕی دەراوی، سەدبار و نژۆی دوای گرتنی پایەگاکان بە فەرماندەیی شەهیدی نەمر و پارتیزانی خاوەن ناوی کوردستان، شەهید سەید عەبدولکەریمی حسێنی، لەلایەن لکەکانی شەهیدانی ساوان، دەشتەتاڵ، پێنجی خەرمانان ی ئەو کاتی سازمان بەرێوە چوون) ئاکامی هەوڵ و فیداکاری ئەو دوو دڵداوۆرە وەفادارەن، کە تا سازمانی خەبات و کوردێکی خاوەن باوەڕی پاکیکوردایەتی لەسەر ڕێبازی ئەو سازمانە خاوەن مێژووە پڕ لەگیانبازی و شانازیە بمێنێ، شانازییان پێوە دەکرێ و ئێمەمانانیش کە هەین، بەوانەوە دیارین. ڕۆژ و مانگ و تەنانەت ساڵ تێپەرین و وەرزی سەرما و زستان و بەهار، داهاتن و وردە وردە ساڵ بەرەو هاوین هەڵدەکشا. وەرزی ئارەق و تین و ماندوو بوون، وەرزی خەڵە و خەرمان و بەرهەم، وەرزی هاوینی کوردستان پێ گەیشت. ڕێناسی دڵ پڕ لەگڕی ئەوین هەموو ڕۆژێك بەیانی زوو، دوای بەزمی کۆری دڵداران، بەرەو مەزرا بۆ دروێنە و گێرە و کێشە دەکەوتە ڕێ. بە قرچەی گەرمای هاوین، تا ئێوارە شانی دەکوتا، داسی دەسوو و گەوزی دەدا و سواڵەی دەگرت و باخبێنی بادەدا و باخەی دەبەست و کرشەی لێدەدا و شێغرەی هەڵدەبەست ماندوو بوون لەلای مانای نەبوو، بەبادەی خۆشەویستی سەرخۆش بوو. هیوای دوارۆژێکی پڕ لەئەوین و کامرانی لەهەناوی دا دەگەڕا. ئاواتی ژیانێکی بەختەوەرانەی لەگەڵ ڕێواسی خۆشەویست و دڵخوازی لەدڵدابوو. هەموو شتێك لەلای ڕێناسی گەنج و ڕۆح سووك، جوان و لەبەردڵان بوو. کارکردن مایەی ژیان بوو، هەڵسووران دەرمانی ژیان بوو!. کە ئێواران بەرەو ماڵ دەبووەوە شایی لەدڵدا دەگەڕا. کاتێك لەجێژوان ڕێواسی گراوی خۆی لەباوەش دەگرت، هەموو خەم و دەرد و کوڵی جەستە و دڵی لەبیر دەکرد. ژانی زامی کاری دڵی خۆی بە هەتوانی دوو نیگای وەك گەلاوێژ و ڤینووسی رووی یارەکەی دەشکاند و ساڕێژ دەکرد. ڕێواسی چاوگەش و نەرم و نیانیش، کابانی ماڵە بابی بوو. دایکی هەر زوو هێشتا ڕێواس هەر جەکروزە بوو تازە لەلانواڵی ژیان سەری وەدرنابوو کە شەختەی شوومی شەوی تووشی بێ بەشی، لاسك و گەڵای زەرد هەڵگیرا و گێژەڵۆکەی نەهاتی بەرەو زندۆڵ و لاشیوی نەمان ڕاپێچی کردبوو!!. ئەویش هەر لەبەیانی تا ئێوارە بەدەم ئەرکی تاقەت پرۆکێنی ژیانی گوند نشینییەوە، دڵدارەکەی دەلاواندەوە و ڕێگای مەزرای خوار ماڵانی بە چاوی چاوەڕوانی پڕ لەئەندێشەی ئەویندار ی دەکێڵا و بەتاسەی دیتنەوەی ، ڕۆژی دەبردە سەر. زۆری پێ نەچوو کە خزم و خوێشان داخوازی ڕێواسیان بۆ ڕێناس کرد و بابی دەستی بە رووەوە نەنان و هەر ئەو شەوە مارەییان بڕین و کە پاییز داهات، بە ڕێورەسمی کوردانە زەماوەنیان کرد و خولای خۆشەویستی و جوانی، نیازی ئەو دوو دڵدارەی پێکهانی. سەرەڕای ئەوەی کە خەر دەهات و ژیان لە لای ئەو دووانە خۆشتر و خۆشەویستر دەبوو، بەڵام پەیوەندی و هاوکاری ئەو دوو کوردە ئەویندارە لەگەڵ کۆری خەبات و بەرخودان کەمی نەهێناو وەك جوتێکی خاوەن باوەڕی قوڵ بە ڕزگاری و سەرکەوتنی گەل، درێژەیان بە فیداکاری و دڵسۆزی خۆیان دا!!. تازە چەند مانگێك لە بەیەك گەیشتنیان تێپەڕی بوو. هێشتا خۆر هەیکەلی کیژی بەیانی لەئامێز نەگرتبوو. ڕێواسی تازە بووك لە خەوێکی قوڵی هەنگوینی دا بوو. ڕێواس، دەنگی زەنگی ژیان لەخەوی ڕاپەراندبوو. دیمەنی ڕێواسی خێزانی لەهەموو ڕۆژان لەبەر چاوان شیرین و جوانتر بوو. چەند جارێك ویستی لەخەو هەڵیستێنێ، بەڵام دڵی نەهات گۆمی مەندی ئارامگرتووی جەستەی خەستەی بشڵەقێنێ و بەو سەحەر و سپێدەیە لەو خەوە خۆشەی هەستێنێ و نێرگزی دوو چاوە ڕەش و مەستەکانی بشەمزێنێ. هەر بۆیە دوای چەند جار تێڕامان و لێڕوانینی بە دڵ، دەرگای خانوە قورینیەکەی کردەوە و بەرەو مەزرای خوار ماڵان کەوتەڕێ. تازە پەنجەی زاوای یەکەم تیرێژی خۆر، تارای لەسەر بووکی شەرمنی بەیان لادەدا کە دەنگێکی بێگانە و نامۆ ئەو دەر و دۆڵەی هەژاند. پەپولەی خەیاڵی لەسەر گوڵی دڵ هەڵفڕاند. بزە و خەندەی لەسەر لێوی کۆرپەی هیوا و ئاوات تاراند. کۆری بەزمی عاشقانی شێواند. کوپەی مەی ئارەزووی ئارەزوومەندانی شکاند. بەڵێ ئا لەوکاتە دابوو کە دەنگی دەسرێژی چەك لەدەوروبەری گوندێکی نزیك گوندی "بناران" بێدەنگی و ئارامی ئەو مەڵبەندەی شکاند. شەڕێکی توندی نابەرانبەر لەلایەن جاش و پاسدار لەلایێك و هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەلایەکی ترەوە دەستی پێکرد. شەڕ هەر دەهات گەرمتر دەبوو، هێزی پێشمەرگە سەرەڕای شکاندنی گەمارۆی دژمن، ڕاوە جاشێکی باشیان کرد، جەندەکی گەلێك لەهێزی پاسدارنیان خستە سەر زەوی. دژمن بۆ پارێزگاری لە هێزە تێك شکاوەکەی، شەلم کوێرم، تۆپ و کاتیوشا بارانی شەڕگەکە و ئەو گوندانەی دەوروبەری کرد. لەئاکامی تۆپ بارانی دژمن گوندی "بناران" بەو بەیان و سپێدەیە نوقمی گڕ و تۆز و تەم بو. ڕێواسی تازە بووکی پەنجە هێشتا هەر بە بەخەنە، نێرگزی چاوە خۆمارەکانی بۆ هەمیشە لێك نان و ئاواتە ئەسەرخەوانیەکانی خۆی و ڕێناسی هاوسەر و هاوڕێی بردنە ژێر گڵ و دار و پەردووی خانوە قورینەکەیانەوە. ڕێناسی تازە زاوای دڵ پڕ لەتاسە و ئاواتی ڕۆژانی داهاتووی ژیان، بە بێ ڕاوەستان و بەلەز بەرەو گوندی کەوتە هەڵەداوان. کاتێك کە دیمەنی ماڵەکەی خۆی دی، کورەی دەروونی نێڵەی ساند و جاوگەی کانی چاوەکانی تەقینەوە. کاتێك جەستەی بێ گیان و قەقنەس ئاسای ڕێواسی شلك و تازە بووکی لەئامێز گرت، ڕقێکی پیرۆزی تۆڵە وەکوو گڕەشینکە لەدوو چاوەکانیەوە بلێسەی سەند و لەو ڕۆژەوە ڕێگای خەباتی گرتیەبەر و بە نیازی تۆڵەی کۆری بەزمی عاشقان، تۆڵەی خۆشەویستی و ئەوین، تۆڵەی ئاواتە ئەرخەوانیەکانی. بەڵێ! بۆ ئەستاندنی هەموو ئەو تۆڵانە. ڕێناس پێشمەرگەی کورد و کوردستانە!!!

(خوێنەری هێژاام! ئەو باسە چیرۆکێکی هەڵبەستراو نییە. بەڵکو ڕاستێکە کە لەبەر چەند هۆی تایبەتی ئەمنیەتی ناوی شوێن و کەسەکانم گۆڕیوە).



## سەرۆکی ڕێکخراوی زانیاری ئەمریکا دەڵێ: ڕژیمی ئێران بەشێکی کەم بایەخ لەگەڵاڵەی چەکسازی ڕاگرتوە

ڕۆژی سێشەممە ١٦ی ڕێبەندان دەریا سالار(مایکل کانل) سەرۆکی ڕێکخراوی زانیاری نەتەوەیی ئەمریکا لەراپۆرتێکدا کە بۆ کۆنگرەی ئەمریکای ناردووە، ڕایگەیاندوە ئێران، تەنیا بەشێك لەگەڵاڵەکانی بۆ دروست کردنی بۆمبی ڕاگرتووە.

دەریا سالار مەك کانل، لەپێوەند بە ڕاپۆرتی بەراوەردەکانی زانیاری نەتەوەیی (ئێن ئای ئیی) لەپێوەند بە ئێران کە لەکۆتایی ساڵی ڕابردوو دا بڵاو کرایەوە کە ڕژیمی ئێران هەوڵەکانی بۆ دروست کردنی بۆمبی ئەتۆمی ڕاگرتووە،گووتی: ئەو ڕاپۆرتە ئەوە دەر دەخا کە ڕژیمی ئێران تەنیا گەڵاڵە کردنی دروست کردنی چەکی ئەتۆمی ڕاگرتووە کە ئەوە بێ بایەخترین بەشی گەڵاڵە ناوکەییەکانی ئەو ڕژیمەیە.

بە پێی نووسراوەی ڕۆژنامەی ئینگلیسی (فاینایشیاڵ تایمز) دریاسالار مەك کانل گووتویە: ڕژیمی ئێران ئێستاش درێژە بە پەرە پێ دانی پاڵاوتەکردنی ئۆرانیوم و دروست کردنی مووشەکی باڵستیك دەدا.

ڕاپۆرتی بەراوردی زانیاری نەتەوەیی ئەمریکا سەبارەت بە ڕژیمی ئێران کە لەسەر لێکۆڵینەوە و ڕاپۆرتی ١٦ ڕێکخراوی زانیاری ئەمریکا نووسرابوو و لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ی زایینی بڵاوبۆوە و ڕایگەیاندوە ڕژیمی ئێران گەڵاڵە ناوکەییەکانی بۆ دروست کردنی بۆمبی ئەتۆمی ڕاگرتووە، بەڵام درێژە بە پاڵاوتەکردنی ئۆرانیوم دەدا.

هەر بەدوای ماوەیکی کەم بەسەر بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتی ١٦ ڕێکخراوی زانیاری ئەمریکا دەوڵەتی فەرانسە ڕایگەیاند، بەڵگەی لەدەستدایە کە بە پێچەوانەی ئەو ڕاپۆرتانە، ڕژیمی ئێران درێژە بە گەڵاڵە ناوکەییەکانی دەدا.